# (كووره – تەنوور) لە گرد نادر
# لەبەر ڕۆشنایی هەڵکۆڵینی شوێنەواری

**پ.ی.د. نەعمان جومعة ئیبراهیم**
شوێنەوار/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
noman.ibrahim@su.edu.krd

**خەزان لەتیف حەمە/** قوتابی ماستەر
شوێنەوار/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
xazan latif@gmail.com

**پوختە**

بێگومان پاشماوە شوێنەوارییە دۆزراوەکان، ئەوەی سەلماندووە کە باکووری میسۆپۆتامیا هەر لە قۆناغی بەرەبەیانی چاخی بەردینی نوێ پێش گڵێنەسازی ( Pre Pottery Neolithic) وەک یەکێک لە کۆنترین لانکەی نیشتەجێبوون بووە لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا، ئەم توێژینەوەی بەردەستیشمان هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر گرنگی (کووره- تەنوور) بۆ سوورکردنەوەی گڵێنە و پێکهاتە قورینەکانی تر...، لە گرد نادر بەو پێیەی کە (کووره- تەنوور) یەکێکە لە پاشماوە شوێنەوارییە گرنگ و دیارەکان کە لە سەرجەم چینە شوێنەوارییەکانی پێگە و نشینگەکانی باکووری میسۆپۆتامیا بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت، گرد نادر یەکێکە لە پێگە شوێنەوارییەکانی دەوروبەری شاری هەولێر لەگەڵ فراوانبوونی شاری هەولێر لەم ساڵانەی دوایی ئێستا کەوتۆتە ناو گەڕەکی پێنجی حەسارۆکی شاری هەولێرەوە، لەم توێژینەوە هەوڵدراوە تیشکێک بخەینە سەر گرنگترین و دیاریترین تەکنیک و شێوازی (کووره- تەنوور) لەم گردە کە تا ڕادەیەک هێڵکارییەکەی ئاڵۆزە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوبەید (٤٥٠٠-٣٥٠٠) پ. ز، وەکو ئاشکرایە مرۆڤ لەپێش دروستکردنی کووره ئاگری دۆزیوەتەوە هەر لەمەوە بیرۆکەی دروستکردنی

کووره و سووركردنەوەی كەرەستە قوڕینەكان سەری هەڵدا، كە بریتییە لە بیناسازی شێوە جۆرا وجۆر (خڕ، نیمچە هێلكەیی، چوارگۆشەیی، لاكێشەیی).

**وشە سەرەكییەكان:** گرد نادر، میسۆپۆتامیا، كووره- تەنوور، گڵێنە، هەڵكۆڵین.

## پێشەكی

هەوڵە زانستییەكانی شوێنەوارناسان ئەو ڕاستییە دەردەخات كە میسۆپۆتامیا و بەتایبەتی بەشی باكووری یەكێک بووە لە شوێنە دێرین و كۆنەكانی جیهان كە لە چاخە بەردینەكانەوە مرۆڤ تێیدا نیشتەجێ بووە و شارستانیەت تێیدا سەری هەڵداوە، پاشماوە شوێنەوارییەكان نموونەی گەورەترین پێشكەوتنی كۆمەڵگە شارستانییەكانن كە هەمیشە ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە گۆڕانكاری و بەرەوپێش چوونی ژیانی گەلان لە كۆنەوە تا ئەمڕۆ. كاریگەری لەسەر كۆی لایەنەكانی تری ژیان بەجێهێشتووە، ڕۆڵی ئەم كار و چالاكییە هونەریانە لە گشت ناوچەكانی میسۆپۆتامیا گرنگی هەبووە لە شوناسی هەموو نەتەوە كۆنەكانی میسۆپۆتامیا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم توێژینەوەی بەر دەستمان هەوڵێكە بۆ ڕۆشنكردنەوەی كونجێكی بچووكی مێژووی دوور و درێژی كوردستان ( بەدیاریكراوی مێژووی هەولێر)، چونكە (كووره- تەنوور)ی سووركردنەوەی گڵێنە و پێكهاتە قوڕییەكانی تر یەكێكە لەو پاشماوە گرنگانەی كە بە ئەندازەیەكی زۆر لە ناوچە شوێنەوارییەكان لە لایەن شوێنەوارناسانەوە دەدۆزرێتەوە، هەروەها گرنگییەكی زۆر و ڕۆڵێكی گەورەی هەبووە لە دروستكردنی گۆڕانكاری لەسەر ژیانی كۆمەڵگە لە چاخەكانی پێش مێژوودا بەتایبەتی لەڕووی پیشەسازییەوە، هەروەها هۆكارێک بووە بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانی ڕۆژانەی مرۆڤ لەپێناو پڕكردنەوە و دروستكردنی كەلوپەلەكان بەتایبەتی دروستكردنی گڵێنە و توانەوەی كانزا، بەشێوەیەكی گشتی كووره لە دوو ژووری سەرەكی پێكهاتووە ژووری سووتەمەنی لە چاڵێكدا لە زەوی دروستكراوە و ڕاستەوخۆ

ژووری سوورکردنەوەش لەسەری بنیادنراوە، ژووری سووتەمەنی دەرگایەک یان دوو دەرگای هەبووە بۆ تێکردن و دەرهێنانی سووتەمەنی ، دار و پاشماوەی ئاژەڵیان بەکارهێناوە وەک سووتەمەنی.

- **گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە روونکردنەوەی زیاتر هونەری بیناسازی و پێکهاتە و شێوەی (کووره- تەنوور) بووە لە گرد نادر لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە بە پشتبەستن بە بەڵگە و سەرچاوەکانی کە لەبەر دەستایە، ئەمە جگە لەو پاشماوە شوێنەوارییانەی لە ناو خۆڵەمێشی ناو کووره و تەنوورەکان دەدۆزرێتەوە.


- **کێشەی توێژینەوەکە:** (کووره- تەنوور) گرنگییەکی گەورەی هەبووە لە بەرەوپێشچوونی شارستانییەت، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە زیادکردنی زانیارییە لەسەر ئەو پرسیارانەی لەلای کۆمەڵگا دروست بووە.

- **میتۆدی توێژینەوەکە:** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە میتۆدێک هەیە تاوەکو ببێتە ڕێبازێک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و خستنە ڕووی زانیارییەکان و داتاکان. بە شێوەیەکی گشتی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە شیکارییە.

## ناوی گرد نادر

ئەم گردە[1] یەکێکە لە گردە شوێنەوارییە گرنگەکانی ناو شاری هەولێر بۆ یەکەم جار لەلایەن بەڕێز (نادر بابەکر)[2]ەوە دۆزراوەتەوە ، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ناوی ئەم گردە پێشتر ئاماژەی پێنەکراوە لە هیچ تۆمارێکی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری عێراقیدا و لەسەر نەخشەی کادستڕۆی ساڵی (١٩٤٩) ناوەندی هەولێر (٩٤) کەرتی باداوە دەستنیشان نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئەم گردە لەلایەن ناوبراو دۆزراوەتەوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر ناوی ئەم

گردەی لە ئەرشیفی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بە ناوی ( نادر) تۆمار کردووە، وەک پێگەیەکی شوێنەواری لەسەر نەخشە شوێنەکەی دیاری کردووە. **(توێژەر)** بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)




ژمارە (١) نەخشەی کادسترۆی، ناوەندی هەولێر (٩٤) باداوە، تایبەت بە شوێنەوارەکانی ناو شاری هەولێر

(ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، لەگەڵ هەندێک گۆڕانکاری لە لایەن توێژەر ئەنجامدراوە )

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە لە ساڵی (٢٠١٠) ئەم گردە بەڕێکەوت لە لایەن بەڕێز (نادر بابەکر)ەوە، دۆزراوەتەوە (Kopanias and other,2013,p23) کە دەکەوێتە گەڕەکی پێنجی حەسارۆک لە ناو شاری هەولێر. ئەمە لەکاتێکدا دێت کە ناوبراو بەڕێکەوت سەردانی ئەم گردە دەکات و کۆمەڵێک پارچەی شوێنەواری بەرچاو کەوتووە و بە هۆی گرنگی پارچە شوێنەوارییەکانەوە، هەستاوە بە ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر هەر بۆیە لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٢/١٣) بە ڕاپۆرتی فەرمی ئەم شوێنە وەک پێگەیەکی شوێنەواری تۆمارکراوە، هەروەها ناوبراو بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک چاودێری ئەم گردەی دەکات، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری


هەولێر وەک پاداشتێک ئەم گردەی بە ناوی گرد نادر تۆمار کردووە. (بابەکر، ٢٠٢١، ٩:٣٠ب.ش) وێنەی ژمارە (٢)



ژمارە (٢) وێنەی ئاسمانی گرد نادر لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان
(وێنەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، لەشکری و توێژەر)

لە میانەی بە دواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر و لە پێناو پاراستنی ئەم گردە شوێنەوارییە لێژنەیەکی پسپۆر لە شوێنەوارناسان پێکدەهێنرێت کە توێژەر یەکێک بووە لە ئەندامانی لێژنەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە ئەم گردە پێش ناساندنی وەک شوێنەوار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێرەوە بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کرابوو لە ژمارەی پارچە زەوی (٥٦٧٧ تا ٥٧٠٠) دەکەوتە ناو سنووری ئەم گردەوە، ئەمەش ئەنجامی نەبوونی هەماهەنگییە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و شارەوانی کە دەبێت پێش دابەشکردنی زەوی تیمی شوێنەواری کاری ڕووپێوی تیا بکات، هەر لەبەر ئەم هۆیەش لە کاتی دروستکردنی جادە و باڵەخانە و خانوو لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای گردەکە

بە بیلدۆزەر زیدەڕەوی کراوەتە سەری بۆتە هۆی تێکدان و لابردنی بەشێکی زۆر لە چینەکانی لای باکووری گردەکە. **(توێژەر)** وێنەی ژمارە (٣)



ژمارە (٣) دیمەنی تێکدان و لابردنی چینەکانی لای باکووری گردەکە
(Bielinski,2014,p179)

لە ڕاستیدا هەر دەستکارییەک و زێدەڕۆییەک بێگومان زیان بە شوێنی شوێنەواری دەگەیێنێت و کاریگەری نەرێنی جێدەهێڵێت لەسەر چینە شوێنەوارییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەلێنێک لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، بۆیە پاراستنی شوێنە شوێنەوارییەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ خزمەتکردن بە شوناس و شارستانییەتی گەلان. **(توێژەر)**

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر توانرا ئەم گردە بکەنە موڵکی شوێنەوار ، بەپێی یاسای شوێنەوار و کەلەپووری عێراق ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٢) ماددە (٥) بڕگە (١)، و یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٥) ساڵی (٢٠٢١) ماددە (١) بڕگە (١١)[٣]، دواتر پەرژینی بە دەوردا دروست بکەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ دەستدرێژییەک نەبێتەوە تا هەڵکۆڵینی بەپەلەی

تێدا ئەنجام بدرێت، لە ساڵی (٢٠١١) لەگەڵ تیمی یۆنانی گرێبەست کرا بۆ ئەوەی دەست بە کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری بکرێت.

## هەڵکەوتەی سنووری جوگرافیای گرد نادر و گرنگی


وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی ئەم گردە دەکەوێتە دەوروبەری شاری هەولێر، لەگەڵ فراوانبوونی شاری هەولێر لەم ساڵانەی دوایی ئێستا کەوتۆتە ناو گەڕەکی پێنجی حەسارۆکی[٤] شاری هەولێرەوە، لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر لەسەر ڕێگای بنەسڵاوە **(توێژەر)**، بە دووری نزیکەی (٦،٣کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی قەڵای هەولێر و (٢،٨کم) لە باشووری ڕۆژئاوای ماجدی مۆڵەوە دوورە، ڕووبەری ئەم گردە نزیکەی (١ هکتارە)، پێکهاتەی ئەم گردە بەشێوەیەکی گشتی لە یەک بەش پێکهاتووە و (٥م) بەرزە لە ئاستی زەویی دەوروبەریەوە. (Kopanias and MacGinnis,2016, 70)

گرنگیی ئەم گردە لە ڕووی جوگرافیەوە هەڵی نیشتەجێبوونی مرۆڤی تێدا ڕەخساوە هەر لە کۆنەوە لەبەر بوونی کۆمەڵێک هۆکار و بنەمای سەرەکی ژیان، لەوانە بوونی سەرچاوەی ئاو کە بەیەکێک لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ دادەنرێت بۆ بەردەوامبوونی چالاکی ژیان (محمود،١٩٩٣، ١٥٥) لەلایەکی تریشەوە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات کە بە خاکی میسۆپۆتامیادا دەڕوات و چەندین لق و زێی بچووکی تێدەڕژێت و چەندین لقیشی لێدەبێتەوە ئەمەش وای کردووە کە ئاو ببێتە بناغەی دروستبوونی شارستانییەت و کاریگەری هەبێت لەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکە و بڵاوبێتەوە (باقر،١٩٧٤، ٣٢) بۆیە بە هۆکاری بوونی سەرچاوەی ئاو لەم گردە نیشتەجێبوون تێدا سەری هەڵداوە، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە دۆزینەوەی ژمارەیەک گوێچکە ماسییە، شایانی باسیشە تا ئێستا پاشماوەی ڕێڕەوێکی ئاو بە تەنیشت جادەی کۆرنیشدا دەڕوات کە بە (شیوەسوور) ناسراوە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای گردەکەوە. **(توێژەر)** نەخشەی ژمارە (٤).

سەبارەت بە ئاو و کەش و هەوای ئەم ناوچەیەش بەشێوەیەکی گشتی گونجاو بووە لە چوارچێوەی گەرمەسێر و ناوچەی زوورگدا خۆی دەنوێنێت بەم شێوەیە:

- کەش و هەوای ئەم ناوچەیە تێکەڵە لە نێوان کەش و هەوای ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و کەش و هەوای ناوچەی باشوور.
- ڕاددە و ڕێژەی باران بارین تێدا بەگشتی دەگاتە نێوان (٢٠٠-٤٠٠) ملم، بەڵام ئەم ڕێژەیە واتە ڕێژەی ساڵانەی باران بارین لە ناوچەکەدا یەکسان نییە.
- پلەی گەرمی مام ناوەندییە. (چیچۆ و قادر، ١٩٨٥، ٤٦)

بێگومان لە ئەنجامی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچەکە هەوڵەکانی چڕ کردۆتەوە لە پێناو فەراهەمکردنی ژیانێکی باشتر، لەو چوارچێوەیەدا فێـری




(Macginnis and other,2016,p117)

ئاژەڵداری و چاندنی دانەوێڵە بووە چونکە خاکەکەی بەپیت بووە و ئاو و هەوایەکی گونجاوی هەبووە، لە سەرەتادا تەنها بەشی پێداویستی خۆیان دەچاند و بەرهەمەکەیان تەنها بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیان بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پێدەچێت دانیشتوانی ئەم گردە گرنگییان داوە بە کشتوکاڵ و

چاندن، ئەمەش وای کردووە کە بواری بازرگانی پەرە بسێنێت، ببێتە دەستپێکێک بۆ دروستبوونی گوند و بەرەوپێشچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی (الدباغ، ١٩٨٥،١١٣)، بەپێی دەرئەنجامی هەڵکۆڵین لەم گردە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە دانیشتوانەکەی گرنگییان بە کشتوکاڵ داوە، بەتایبەتی گەنم و جۆ و جۆرەها دانەوێڵەی تر وەک بەزالیا، بێگومان ئەمانەش پشتیان بە ئاوی باران بارین بەستووە بۆ کشتوکاڵکردن، هەروەها ئاژەڵداریشیان کردووە، بە بەڵگەی دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر ئێسکی ئاژەڵی جۆرا وجۆر وەک (مەڕ، بزن، بەراز، سەگ، ڕەشەوڵاخ و باڵندە) (Kopanias and other,,2013, 30)، ئەمە جگە لە دۆزینەوەی کۆمەڵێک کەلوپەلی گڵێنەیی و بەردی و کانزایی کە بۆ ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان بەکاریان هێناوە، ئەمەش دەسەلمێنێ کە دانیشتوانەکەی تاڕادەیەک کاری پیشەسازییان زانیوە، بەهۆی ئەوەی ئەم گردە کەوتۆتە ناوچەیەکەوە کە دەوروبەری دەشتایی بووە ئەمەش وای کردووە کە هاتوچۆکردن تیایدا ئاسان بێت، ئەم گردەش بۆتە مەڵبەندێکی ستراتیژیی گرنگ لە کۆندا لەم ناوچەیەدا، بێگومان ئەمەش دەورێکی گرنگی هەبووە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بازرگانی لە ناوچەکەدا چونکە جۆرە بەردێکی ڕەشی شووشەیی (بەردی ئۆبسیدی) لێ دۆزراوەتەوە وەک گرانیت وایە، لە دوای ناردنی نموونەیەک لەم بەردە بۆ تاقیگەی کەنەدا وا دەردەکەوێت کە لە زنجیرە چیاکانی (بینگۆل)ەوە[٥] هاتبێت، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر شێوازی پەیوەندی و ئەوە دەردەخات کە دانیشتوانی ئەم گردە ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی و دەرەکییان لە ڕێگەی بازرگانییەوە کردووە، (Kopanias,2012, 1) لە کۆندا لایەنی ئابووری لەسەر سێ بنەما بنیات نراوە بریتی بوون لە کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی. لێکۆڵنیەوە شوێنەوارییەکان دەریدەخات کە بەرهەمی ئاژەڵی و خۆراکییان بەرهەم هێناوە و بەردی گرانبەها و مادەی خاویشیان لە دەرەوەی وڵات هێناوە. (باقر وآخرون ،١٩٨٠، ١٣٢؛ الهاشمی، ١٩٨٥، ١٩٥)


بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە لە گردەکە دۆزراونەتەوە مێژووی نیشتەجێبوون تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو

کۆتایی هەزارەی حەوتەمی پێش زایینی، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەزگاکانی شوێنەوار بایەخی زۆریان بەم گردە داوە، بۆیە بۆ یەکەم جار ئەم گردە لەلایەن زانکۆی (ئەثینا)ی یۆنانییەوە دەستنیشان کرا بە هەماهەنگی لەگەڵ (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان - بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر) هەڵکۆڵینی شوێنەواری تێدا ئەنجام بدرێت ئەمەش یەکەم هەڵکۆڵینی شوێنەواری تیمی یۆنانی بوو کە لە میسۆپۆتامیا ئەنجامی بدەن.

## پرۆسەی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گرد نادر

هەڵکۆڵینی شوێنەواری بریتییە لە پرۆسەیەکی زانستی لەسەر بنەمای زانست و میتۆد و سیستەمی نێو دەوڵەتی بەڕێوە دەچێت لە لایەن پسپۆڕانی بواری شوێنەوار و شوێنەوارناسان بۆ ناسینی مێژووی شارستانیەتی گەلان و نەتەوەکان ئەنجام دەدرێت، یەکەم هەنگاو پێویستە نەخشەی کنتووری[٦] بۆ ناوچەکە بکێشرێت، لەم پرۆسەیە چەندین ڕێگای زانستیی جیاواز هەیە لەوانە ڕێگەی یەکەکان (الوحدات) یان چوارگۆشەیی (المربعات) لە هەڵکۆڵینی گرد نادر پەیڕەو کراوە بریتییە لە چەند یەکەیەکی چوارگۆشەیی بە باشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ ناوچە بچووک و گرنگەکان کە تیایدا کارکردن زۆر بەوردی و چاودێری بێ سنوور ئەنجام دەدرێ بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی شوێنەواری، لەم ڕێگایەدا چاڵ لێدەدرێت لە ناوچەیەکی دیاری لەسەر ڕووی زەوی تاکو ناخی بە شێوەی ستوونی پلە بە پلە لەو چینانەی کە قووڵییەکەیان هاو شێوە و یەکسانە و قووڵییەکەیان لە نێوان یەک بێ تا سێ پێیە، (الدباغ و آخرون، ١٩٨٣، ٥٧) ئەو شوێنەی هەڵکۆڵینی لێدەکرێت دابەش دەکرێت بۆ چوار بەش بە دانانی دوو هێڵی یەکتربڕ بە شێوەی ئاسۆیی و ستوونی بە داکوتانی مێخ و ڕاکێشانی پەت تاکو هێڵێکی ڕاست دەربچێت دواتر ئەو بەشانەش بۆ چەند یەکەیەکی بچووکتر دابەش دەکرێت بەهەمان پێوانە گەورەیی و بچووکی ئەم یەکانەش لەسەر ڕووبەری شوێنەکە ڕاوەستاوە، پێویستە هەر چوارگۆشەیەک ژمارە

و پیتی تایبەت بە خۆی بۆ دابنرێت، بەمەش هەموو زانیارییەک دەستەبەر دەکات دەربارەی ناوچەکە. (حیدر، ١٩٩٥، ٥٥) وێنەی ژمارە (٧)



( Akhter and Promei,2018,p345)

پێش بەڕێوەچوون و دەست بە کاری هەڵکۆڵین بکرێت پێویستە خاڵی کۆنترۆڵکردن جێگیر بکرێت کە هەموو دووری و ئاراستەکان بەو خاڵە پێوانە دەکرێت، وا باشترە ئەم خاڵە لە گۆشەیەکی شوێنەکە بێت ڕەنگ بکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵکۆڵیندا لانەبرێت، لە دوای ئەمەش کاری هەڵکۆڵین دەست پێدەکات پێویستە بە بەردەوامی خۆڵی ناو چاڵەکان فڕێ بدرێت، بۆ ئاسانکردنی کارەکە پاش دڵنیابوون لەوەی کە هیچ پاشماوەیەکی شوێنەواری و ئامێرێک فڕێنەدراوە، دوای کۆتاییهاتن لە چوارگۆشەی یەکەم دەچیتە سەر چوارگۆشەی دووەم بە هەمان شێوە بەردەوام دەبیت تا هەموویان تەواو دەبێت، هەروەها هەموو پارچە شوێنەوارییەکان لە کیسەی تایبەت کۆدەکرێنەوە و زانیاری لەسەر دەنووسرێت بەگوێرەی ژمارەی چوارگۆشە و چین و ساڵ هەموویان پۆلێن دەکرێن و تۆمار دەکرێن، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ تاقیگەی مۆزەخانە. (الدباغ و آخرون، ١٩٨٣، ١٠٧)


## کووره یان تەنوور

کووره بە زمانی سۆمەری بە (Udun) هاتووه بەڵام لە زمانی ئەکەدی بە (Utûnu) ناوبراوه، (لابات، ٢٠٠٤، ٢٤٥) لە پرۆسەی هەڵکۆڵینی شوێنەواریدا کووره بە یەکێک لە دۆزراوه دروستکراو و داهێنانە گرنگەکانی مرۆڤی کۆن دادەنرێت کە بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک مەبەست و کاری ڕۆژانە بەکاری هێناوه لەوانە سووركردنەوەی کەرەستە قوڕینەکان، لەپێش دروستکردنی کووره مرۆڤ ئاگری دۆزیوەتەوە کە بۆ مەبەستی چێشت لێنان و ڕووناکی و خۆ گەرمکردنەوه و سووركردنەوه بەکاری هێناوه هەر لەمەوه بیرۆکەی دروستکردنی کووره و سووركردنەوەی کەرەستە قوڕینەکان سەری هەڵداوه، لە سەرەتادا کووره بریتی بووه لە چاڵێک لە ڕووی بیناسازییەوه شێوەی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووه لەوانە (خڕ، نیمچە هێلکەیی، چوارگۆشەیی، لاکێشەیی).

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شێوەی گومەز بەرچاوترین و دیارترین شێوه بووه هەندێ کات کونێک لە ناوەڕاستی بنمیچەکەی کراوه بۆ دەرچوونی پاڵە پەستۆی گاز و دووکەڵ و دەرگایەکیش لە لایەک لە لایەکانی دروستکراوه بۆ تێکردنی کەلوپەلەکان و دەرهێنانی، هەروەها کووره لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووه بەشی سووتەمەنی لە چاڵێکدا لە زەوی دروستکراوه و ڕاستەوخۆ بەشی سووركردنەوەش لەسەری بنیادنراوه، بەشی سووتەمەنی دەرگایەک یان هەندێ کات دوو دەرگای بۆ کراوه، دەرگایەک بۆ تێکردنی سووتەمەنی دەرگایەکیش بۆ دەرهێنانی پاشماوەی سووتەمەنی و هەندێ کات دووکەڵکێش لە بەشی کۆتایی بەشی سووركردنەوه دروستکراوه ئەگەر نەکرابێتیش ئەوه لە دەرگای پشتەوه دووکەڵ بۆ دەرەوه دەرچووه، بۆ سووتەمەنیش دار و پاشماوەی ئاژەڵیان بەکارهێناوه. (عثمان، ٢٠٢١، ٥٦)

کووره بەیەکێک لە پاشماوه شوێنەوارییە نەگوازراوەکان دادەنرێت، کە لە هەموو نشینگەیەکی کۆنی شوێنەواری بوونی هەیە، لە وەرزی یەکەمی هەڵکۆڵین ساڵی (٢٠١١) لە بەشی باشووری گردەکە دوو پاشماوەی بیناسازیی لە قوڕ

دروستکراو دۆزراوەتەوە لە شێوەی هێلکەیی لەگەڵ چینێکی قوڕی زۆر ئەستوور لە دەوری، بەڵام بەری لای ڕۆژهەڵاتی زۆر بەر ڕۆژ کەوتبوو ڕۆژ وشکی کردبۆوە زوو دەشکا کە لە دیوارێکی نارێک پێکهاتبوو، بەشی سەرەوەشی بە ئەگەرێکی زۆر بەشۆفڵ تێکدرابوو، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو شێوازە کوورانەی کە لە دوو بەش پێکهاتبوون وەک ئەو نموونانەی لە گردی (یارم تەپە) لە ناوچەکانی سنجار لە مووسڵ دۆزراوەتەوە. (Kopanias and other,2013, 25) وێنەی ژمارە (٨)



ژمارە (٨) وێنەی کوورەی دوو بەش


(https://uoa.academia.edu/KonstantinosKopanias)

هەروەها لە وەرزی دووەم ساڵی (٢٠١٢) هەڵکۆڵین لەم بەشەدا نەکرا، بەڵام لە وەرزی سێیەم ساڵی (٢٠١٣) گرنگیی زیاتر درا بەم بەشە بە چڕی هەڵکۆڵین تێیدا بەردەوام بوو، بۆیە لە ئەنجامدا توانرا لە چینی پێنجەمدا هێڵکاری کوورەکە بەدەرکەوت کە زۆر ئاڵۆز بوو ژووری سوورکردنەوەی تێدا دۆزرایەوە کە پڕ بوو لە خەڵووز و خۆڵەمێش، هەر وەک لە وێنەی ژمارە (٩)دا دیارە لە بەشی (D) دروستکراوێکی لاکێشەی قووڵی تەسکە کە دیوارەکەی بە چینێک قوڕی ئەستوور ڕووپۆش کراوە و سەرەکەشی بە چینێک قوڕی ئەستوور بە پێوانەی (٣٠ –٣٥)سم داپۆشراوە، بەڵام لای ڕۆژئاوای ژووری سوورکردنەوەکە سەقفی نەبوو بە درێژی (٨٣)سم دوو بەردی گەورە لە بەرامبەر دەروازەی ڕۆژئاوای دانرابوو، لە ناوەڕاستیدا

بەشێک لە سەقفەکە لادرابوو بەرێز لە کاتی هەڵکۆڵیندا بۆ گەیشتن بە ناوەوەی ژوورەکە، ژوورەکەش لە ناوەوە زۆر تەسکە و هیچ شوێنێکی ئاڵوگۆڕی هەوای تێدا نییە بۆ هاتنە ژوورەوەی ئۆکسجین، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە سوورکرنەوە لە بارێکی داخراوە (جو مختزل)دا بووە، کۆنترۆڵکردنی ئاگر لە کوورەدا پێویستی بە کەسی شارەزا و لێهاتوو هەبووە، هەروەها پێدەچێت سووتەمەنی دار ڕاستەوخۆ دانەگیرساوە تێدا بەڵکو لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە لە چاڵێکی نزیکی خەڵووزەکە براوەتە ناو ژوورەکەوە دوای سووتاندنیشی لە ژوورەکە دەریان هێناوەتەوە، ئەستووری سەقفی ژوورەکەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ویستوویانە زۆرترین گەرمی لەناو ژوورەکەدا بمێنێتەوە و گەرمی لە دەست نەدا، لە ناو ژوورەکە هیچ پاشماوەیەک نەدۆزراوەتەوە تەنها هەندێک پاشماوەی پارچە گڵێنە و هەندێک ئامێری بەردی لە بەشی ڕۆژئاوای کە سەقفی نەبووە دۆزراوەتەوە. (Kopanias,2018, 70)، وێنەی ژمارە (٩)

لە باشووری ژووری سوورکردنەوە دیوارێک بە خشتی پێوانە (٤٠X٣٣ ١٨X)سم تا بەرزایی (٦٧)سم دۆزراوەتەوە، لە باکووری ژووری سوورکردنەوە بەهەمان شێوە سێ شوێن دیوارەکەیان بە خشت دروستکراوە درێژی هەر یەکێکیان (٧٠-١٠٠)سم خشتەکانی هەمان پێوانەی دیواری باشوور هەیە دۆزراوەتەوە، بۆیە پێدەچێت هەردووکیان تەواوکەری یەکترین. (Kopanias,2013, 1)

ناوچەی ڕۆژئاوایی (A) بەشێکی لەناوبراوە چونکە دواتر تەنوورێکی تێدا دروستکراوە لە کاتێکدا پێکهاتەی ئاگردانە سەرەتاییەکە چیتر بەکارنەهاتووە، دیواری نێوان ناوچەی (A، B) بەشێکی ڕووخاوە. بە سێ چین خشت دروستکراوە، کە دووانیان تەختە پانی دیوارەکەش (١٨)سم. هەر لە ناوچەی (A) کوورەیەکی ڕووخاو دۆزراوەتەوە کە سەقفی هەبووە هاوشێوەی ژووری سوورکردنەوە.



ژمارە (٩) وێنەی هێڵکاری کورەی گرد نادر
(Kopanias,2018,P75-76)

درێژی دیواری نێوان ناوچەی (C،B ) (١٠٤)سم، بەهەمان شێوە بە خشت دروستکراوە پانی دیوارەکەش هەمان پانییە، لە بەشی ڕۆژئاوای ناوچەی (B) تەنوورێکی هێلکەیی شێوە تەسک دۆزراوەتەوە پانییەکەی نزیکەی (١٥)سم، بەهەمان شێوەی ژووری سوورکردنەوە دروستکراوە لەناو چاڵێکدا لایەکانی بە قوڕی سپی (White clay) ڕووپۆش کرابوو، (Kopanias,2018, 71) لە ژێر ئەم تەنوورەشدا تەنوورێکی کۆنتر هەیە بەهەمان شێوە دروستکراوە بەڵام ڕەنگی دیوارەکەی سوور و بێ هێزە ئەمەش بەهۆی بەرزیی پلەی گەرمی ئاگرەوە سووتاوە و بێ هێز بووە. لەم بەشە پاشماوەی خۆڵەمێش لەگەڵ پارچەی گڵێنە و ئامێری بەردی دۆزراوەتەوە، ئەمەش وا دیارە کە ئەم تەنوورانە بە سادەیی دروستکراون تەنها چەند جارێک یان لەوانەیە تەنها جارێک بەکارهێنرابێت سەقفی تەنوورەکان لابراوە لەگەڵ هەر بەکارهێنانێک دواتر دووبارە دروستکراوەتەوە. (Kopanias,2013,p1)

لە ناوچەی (C) پاشماوەی دیوارێک لە ڕۆژهەڵاتی دۆزراوەتەوە بەهەمان شێوەی درێژی دیواری دوو ناوچەی دیکە دروستکراوە. پێدەچێت ئەم دیوارە پێشتر بەسترابێتەوە بە دیواری بەشی باشووری ژووری سوورکردنەوە، لەم ڕووبەرەدا هیچ پاشماوەیەک نەدۆزراوەتەوە، هەرچەندە لە لای ڕۆژئاوای ناوچەی (C) تەنوورێکی بچووک هەبوو هاوشێوەی تەنوورەکانی دیکە دوای ئاگرکردنەوە سەقفەکەی لابراوە.

هەموو تەنوورەکانی ناوچەی (C، A، B ) زۆر بچووکن پێوانەی تیرەکەیان لە نێوان (٢٥-٣٠)سم و هەموویان بە ژووری سوورکردنەوە لە ناوچەی (D) گەیەنراون لە ڕێگەی کونی ئاڵوگۆڕی هەوا کە وا دەکات گەرمییەکە بسوورێت. لەوانەیە (ژووری سوورکردنەوە و هەموو تەنوورەکان) بە خۆڵ داپۆشرابن کاتی ئاگرکردنەوە، تەنها لای

ڕۆژئاوای ژووری سوورکردنەوە لە ناوچەی (D) سەقفی نییە. تەنوورەکان ئەکرێ بەکارهێنرابن لەهەر سێ ناوچەکە لە یەک کاتدا، (Kopanias,2018, 71) هەروەها بچووکیی قەبارەی تەنوورەکان وای کردووە گونجاو نەبێت بۆ بەرهەمهێنانی گلێنەی قەبارە گەورە، بەم شێوەیە وا دیارە کە ئەم تەنوورانە بەکارهاتوون بۆ بەرهەمهێنانی شێوەی گڵێنەیی قەبارە بچووک، تەنانەت لەوانەیە بۆ توانەوەی کانزاییەکانیش بەکارهاتبێت چونکە پاشماوەی کانزای تواوەی بەکەمی تێدا دۆزراوەتەوە، هەروەها پێدەچێت لەدوای بەکار نەهێنانی ئەم شوێنە بۆ لەناوبردنی پاشماوەی گڵێنە و ئێسک و پاشماوەی دیکە بەکار هاتبێت ، بەڵام لەم چوار وەرزەی هەڵکۆڵیندا ئەمە ڕوون نەبۆتەوە چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتوودا و لە وەرزەکانی تردا تەواوی ئەم زانیارییە شیبکرێتەوە. بوونی کووره لەم گردە دەیسەلمێنێت کە دانیشتوانی گرد نادر گڵێنەیان هاوردە نەکردووە بەڵکو خاوەن گڵێنەی خۆماڵیی خۆیان بوون. بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە بەپێی زانیارییەکان هاوشێوەی ئەم جۆرە کووره ئاڵۆزانە لە سەردەمی عوبەید نییە، (Kopanias,2013, 1) لەگەڵ ئەوەشدا کوورەی سەردەمی عوبەید لە گردی (تەپە گەورە) لە چینی (١٦) دۆزراوەتەوە کە کوورەیەکی شێوە خڕە لە چاڵێکدا دروستکراوە لە دوو ژوور پێکهاتووە، لە نێوان ژوورەکاندا هەڵگری گڵێنەی دروستکراوە کە یانزە کونی بچووکی تێدا بووە لەگەڵ کونێکی گەورە لە ناوەڕاستدا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەوا، (عثمان، ٢٠٢١، ٥٩) هەروەها لە گردی (عەبادە)ش[٧] کوورەی سەردەمی عوبەید دۆزراوەتەوە کە سیستەمی ئاڵوگۆڕکردنی هەوای هەبووە لە ڕێگەی شەش کونەوە هەموویان بەستراونەتەوە بە یەک کونی گەورەترەوە بەرەو دەرەوە دەڕوات، (Streily,2000, 74) بەم پێیە کوورەی گرد نادریش تاڕادەیەک هاوشێوەی ئەمانەیە کەواتە ئەبێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوبەید چونکە مێژووی ئەو چینەی تێدا دۆزراوەتەوە هەر بۆ سەردەمی عوبەید دەگەڕێتەوە.

**دەرئەنجام**

لە ئەنجامی شیکردنەوەی پاشماوە دۆزراوەکانی ئەم گردە کە لەم توێژینەوەیەدا باسی لێکراوە و لەگەڵ خوێندنەوەی جیاوازمان بۆ بابەتەکە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سێ وەرز هەڵکۆڵین لەم گردە ئەنجام دراوە لە ساڵانی (٢٠١٣ ،٢٠١٢، ٢٠١١) مێژووەکەی بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو، کوورەی گرد نادر یەکێکە لە کوورە دیار و گرنگەکانی سەردەمی عوبەید کە هێڵکارییەکی ئاڵۆزی هەیە بە بەراورد بە ناوچەکانی تر، کە بۆ یەکەم جار لە دەشتی هەولێر کوورەیەکی ئاڵۆزی هاوشێوەی ناوچەی (عەبادە) و (تەپە گەورە) بدۆزرێتەوە.

لە کۆتاییدا پێشنیازمان ئەوەیە، ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەم بابەتە بکرێت لەو وەرزانەی تر کە هەڵکۆڵین بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی تەکنیکی (کووره – تەنوور)ی سوورکردنەوەی گڵێنە گرنگیی پیشەسازی دەردەخات و زانیاری لەسەر شارستانیەتی ژیانی مرۆڤی کۆن لە ڕووی هونەرییەوە ڕوون دەکاتەوە.

## پەراوێز

١. گردی شوێنەواری: گردی شوێنەواری جیاوازە لە گردی سروشتی لەبەر ئەوەی دەستکردی مرۆڤە، مرۆڤ لەسەری نیشتەجێ بووە پاشماوەی گوند و شاری کۆنە ئەم گردە شوێنەوارییانە لە بەشێکی زۆری جیهان بڵاو بوونەتەوە، ئەم گردانەش چەندین پاشماوەی تێدایە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە یەک بە دوای یەکەکان، هەندێک کات هۆکاری سروشتی وەک باران و لافاو لەگەڵ هێرشی سەربازی و سووتان چەند هۆکاری تر بوونەتە هۆی تێکدانی نشینگەکەیان و ڕووخاندنی دیواری ماڵەکانیان، بەڵام مرۆڤەکان هەڵنەساون بە گواستنەوەی پاشماوەی خانووەکانیان چونکە پێویستی بە خەرجی زۆر هەبووە، بەڵکو دووبارە لەسەر ئەو پاشماوە کۆنە دوای ڕێکخستنی خانووەکانیان بنیاد ناوەتەوە کردوویانەتە بناغە بۆ خانووە تازەکەیان ئەمەش وای کردووە بە تێپەڕبوونی کات شوێنەکەیان بەرز بێتەوە، بۆیە چەند مەترێک بەرزترە لە ئاستی زەوی دەوروبەریەوە، بۆتە هۆی دروستبوونی چینێکی شوێنەواری کە هەر یەکێکیان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک لە سەردەمەکان، ئەم بەرزییەش سوودی هەبووە بۆ پارێزگاریکردنی لە زۆر هۆکار، جگە لەمەش جیاکەرەوەی گردی شوێنەواری ئەوەیە کە ڕەنگی خۆڵەکەی تۆخە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ خۆڵی ئاسایی هەروەها لەسەر ڕووی گردەکەش پاشماوەی شکاوی شوێنەوار وەک (گڵێنە و کانزا و ئێسک و بەرد) دەبینرێت ئەمەش دەیسەلمێنیت کە لە ناخی ئەم گردە پاشماوەی مرۆڤی کۆن هەیە. (الدباغ وآخرون ،١٩٨٣، ٦٥)

٢. نادر بابەکر: کەسێکی شارەزا و پسپۆری بواری شوێنەوارە، ناوبراو ئێستا بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێرە.

٣. یاسای عێراقی شوێنەوار و کەلەپووری ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٢) ماددە (٥) بڕگە **(١)** "دەسەڵاتی شوێنەواری ، بەدەستیەوەیەتی تۆماری تایبەت ، بۆ تۆمارکردنی بینا شوێنەوارییەکان و شوێنە شوێنەوارییەکان ، وە جێگیرکردنی زانیارییەکان و ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیدارە بە شوێنەوارەکان، وە مافی (ارتفاق – هاومافی – مافی هاوەڵی) کە دروست دەبێت لە لایەن بیناکانی دەوروبەری شوێنەوارەکەوە، وە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بۆ پارێزگاری لێکردنیان و پاراستنیان" **(یاسای عێراقی شوێنەوار و کەلەپووری، ٢٠١٣، ٨)** ، بڕوانە ، یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٥) ساڵی (٢٠٢١) ماددە (١) بڕگە (١١)" شوێن و ناوچەی پارێزراوی شوێنەواری یان کەلەپووری: سەرجەم ئەو شوێن و ناوچە شوێنەواری و کەلەپوورییانە دەگرێتەوە، کە سنوورێکی دیارکراویان هەیە و مەبەست لێی پاراستنی سیما ڕەسەنەکەیانە، وەک سامان و کەلەپوورێکی نیشتمانی، و چەندین جۆر بینا و هونەری بیناسازی هەمەڕەنگ لە خۆ دەگرێت، وەک (شار، شارۆچکە ، گوند، گەڕەک، شەقام، گرد، قەڵا، شوێنە ئاینییەکان، ئەشکەوت و گۆڕستانە کۆنەکان ) کە لەلایەن لیژنەی هونەرییەوە بە ڕاپۆرتێکی زانستی بەرز دەکرێتەوە و بە بڕیاری وەزیر بە شوێن و ناوچەی شوێنەواری یان کەلەپووری پارێزراو

تۆمار دەکرێ ".( یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان – عێراق،٢٠٢١، ٢)

٤. حەسارۆک: لە کۆندا گوند بووە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، ناوی حەسارۆک وشەیەکی داڕێژراوی کوردییە لە دوو وشە یان بڕگە پێکهاتووە، یەکەم وشەی حەسار ، لەگەڵ پاشگری (ۆک)، لە زمانی کوردیدا ئەم پاشگرە بۆ بچووککردنەوەی ناو بەکاردێت واتە حەسارێکی بچووک ، لەکۆندا ماڵی (مەحمود ئاغای باوکی عەلی پاشای دۆغرەمەچی) حەسارێکی بچووکیان لەو شوێنەی کە ئێستا ناونراوە (حەسارۆک) دروستکردووە، لە کۆمەڵە ژوورێکی تەواو پێکهاتووە، ئەو ژوورانەش بۆ ئەو خێزان و جووتیار وسەپانانە بووە کە جووت و دروێنە و ئیش و کاری کشتوکاڵیەکانیان بۆ کردوون و سەرکاریان بوون، هەندێک لە ژوورەکانیش وەک کۆگای دانەوێڵە و تەویلەی وڵاغ بەکارهاتوون، جا لەو کاتەوە خەڵکەکە ناویان لێناوە حەسارۆک. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٩، ٤١٩)

٥. بینگۆڵ: یەکێکە لە پارێزگاکانی وڵاتی تورکیا لە ناوچەی ئەناتۆلیای ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە، مەڵبەندی پارێزگای بینگۆل شاری چەولیکە. (https://ckb.wikipedia.org/wiki )

٦. نەخشەی کنتووری: بریتییە لە نەخشەیەکی ڕووپێوی کە ڕووی زەوی دەردەخات لە ڕووی بەرزی و نزمی لە ڕێگەی وێنەکردنی هێڵی کنتووری، کە بریتییە لە نەخشەی دووری دوو لایەن و دووری سێیەم کە بریتییە لە چەند هێڵێك پێیدەوترێت هێڵی کنتوور و ماوەی نێوان هێڵێکی کنتووری لەگەڵ هێڵێکی دیکە یەکسانە و پێیدەوتریت (contour interval) . (مصطفى، ١٩٨٧، ١٩).

٧. گردی عەبادە: ئەم گردە دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیالە (١٢)کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی سەعدییەوە دوورە، لە ئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان چەند چینێکی بیناسازییان دۆزراوەتەوە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی عوبەید. (Streily,2000, 74)

### سەرچاوەکان

- **بە زمانی کوردی**


- ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، بەشی پشکنین، دۆسیەی گرد نادر.
- ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، بەشی پشکنین، نەخشەی کاسترۆ، کەرتی (٩٤) باداوە، ژمارەی دۆسیەی (٥٨).
- بابەکر، نادر (٢٠٢١)، چاوپێکەوتن، ڕۆژی دوو شەمە، ڕێکەوتی (١٠/٢٥)، کات ژمێر(٩:٣٠ ب،ش)
- چیچۆ، تحسین؛ شێرزاد قادر (١٩٨٥)، هەولێر (لە یادی ١٠٠ ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر ١٨٨٥-١٩٨٥)، هەولێر.
- عەبدوڵلا، هۆشیار (٢٠٠٩)، ناوی جوگرافی و مێژوویی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر، ئینسیکلۆپیدیای هەولێر (ئەربیل)/ جوگرافیا، چاپی یەکەم ، گرین-گالۆری، لوبنان، لا ٣٨١-٥٠٧.
- عثمان، عبدالله بکر (٢٠٢١)، سەرەتای دەرکەوتنی کوورەی گڵێنەسازی لە باکووری میزۆپۆتامیا لە چاخەکانی پێش مێژوودا تا سەردەمی ئاشووری نوێ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢٥)، ژمارە (٣)، لا ٥٣-٧١.
- یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠٢١)، یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشت و گوزار- بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار، هەولێر.
- یاسای ژمارە (٥٥) ساڵی (٢٠٠٢)، (٢٠١٣)، وەرگێڕانی: غەریب عەلی هەڵەبجەیی، یاسای شوێنەوار و کەلەپوور، کۆماری عێراق- وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری گەشت و گوزار و شوێنەوار، دەستەی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور، لەسەر ئەرکی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە، چاپخانەی پیرەمێرد، هەڵەبجەی شەهید.


- **بە زمانی عەرەبی**


- باقر، طه (١٩٧٤)، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة ، ج١، الطبعة الاولى، مطبعة الحوادث، بغداد.

– باقر، طه و أخرون (١٩٨٧)، تأريخ العراق القديم، ج٢، بغداد.
– الدباغ، تقى وآخرون. (١٩٨٣)، طرق التنقيبات الأثرية، ، جامعة بغداد، كلية الآداب.
– الدباغ، تقى (١٩٨٥)، حضارة العراق، الثورة الزراعية و القرى الأولى، ج١ ، دار الحرية: بغداد.
– حيدر، كامل (١٩٩٥)، منهج البحث الأثرى والتأريخى، الطبعة الأولى، دار الفكر اللبنانى، بيروت.
– لابات، رينيه (٢٠٠٤)، قاموس العلامات المسمارية، ترجمة: الأب البير ابونا وآخرون، منشورات المجمع العلمي، بغداد.
– المحمود، أسعد (١٩٩٣)، المسح الأثرى فى الوطن العربى، أهمية التلال الأثرية وعلاقتها ببعضها، تونس.
– مصطفى، أحمد أحمد (١٩٨٧)، الخرائط الكنتورية تفسيرها و قطاعاتها، الأسكندرية.
– الهاشمي، رضا جواد (١٩٨٥)، التجارة فى (حضارة العراق)، ج٢، بغداد.

- **بەزمانی ئینگلیزی**

– Akhter, Halima and Promei, Noor –E-Afroz. (2018), The Methods and Recent Invented Tools and Techniques Used in Archaeology for Delicately Preserving the Past for the Future, Archaeological Discovery, vol (6), p338-354.
– Bielinski, Piotr and other. (2014), Proceedings of the 8th International Congress on the Archaeology of the Ancient Near East, Excavation and Progress Reports Posters, vol (2), University of Warsaw.
– Kopanias, Kostantion. (2012), Tell Nader, report for the directorat of Antiquities of Erbil.
– Kopanias, Kostantion. (2013), Tell Nader, Preliminary Report of the 2013 Excavation season of the university of Athens in Tell Nader and Tell – Baqrta.
– Kopanias, Kostantion. (2018), An Ubaid Kiln at Tell Nader (Kurdistan Region in Iraq), Archaeopress and the individual authors, Oxford, www.archaeopress.com
– Kopanias, Konstantinos& Macginnis, John. (2016), The Archaeology of the Kurdistan region of Iraq and Adjacent Region, Archaeopress and the authers, Oxford,www.archaeopress.com

– Kopanias, Kostantion and others. (2013), The Tell Nader and Tell Baqrta Project in the Kurdistan Region of Iraq "Preliminary Report of the 2011 Season". SubartuU, vol 6-7: 23–51.
– Mac Ginnis, John and other. (2016), The Provincial Archaeology of the Assyrian empire, Cambridge. UK.
– Streily, Andrea Hansen. (2000), Early pottery kilns in the Middle East,
– Palearient, vol (26), p69-81.

- **ئینتەرنێت:**

– https://uoa.academia.edu/Konstantinos Kopanias
– https://ckb.wikipedia.org/wiki

## الملخص

## (الفرن - التنور) في ضوء التنقيبات الأثرية في تل نادر

من المعروف أن الدلائل الأثرية التي تم العثور عليها في عدد من المواقع الأثرية أثبتت أن شمال ميسوبوتاميا منذ فجر العصر الحجري الحديث قبل الفخار مهدا وأقدم المستوطنات بشرية في العالم، يتناول هذا البحث أهمية (الفرن- التنور) في تل نادر والذي يعتبر واحدة من أهم البقايا الأثرية التى وجدت بكثرة في مواقع أثرية شمال ميسوبوتاميا والموقع المذكور احد المواقع الأثرية المهمة الذي يقع في مدينة أربيل ضمن الأحياء السكنية في محلة (پێنجی حەسارۆك)، من خلال البحث تم تسليط الضوء على أهم وأبرز التنانير من حيث أشكالها وتقنيتها من الناحية المعمارية وقد تم العثور على نماذج كثيرة منها في هذا التل ذات التخطيط المعقد وغير الواضح إلى حد ما وتؤرخ بحوالي (٤٥٠٠-٣٤٠٠ ) ق.م أي عصر عبيد، مما لاشک فيه أن الأنسان قد توصل إلى إكتشاف النار قبل صناعة التنور ومنه أستلهمت فكرة هذه الصناعة وفخر المواد الطينية والتي تتألف من وأشكال متنوعة منها ( دائرية، شبه بيضوية، مربع، مستطيل).


**الكلمات الدالة:** تل نادر، ميزوبوتاميا، التنور- الفرن، الفخار، التنقيبات.

## Abstract

### Tell Nader kiln in the light of the archaeological excavations

It is known that archaeological evidence that was found in several archaeological sites proves that northern Mesopotamia since the dawn of the (Pre-Pottery Neolithic) period was the cradle and the oldest human settlement in the world, this research deals with the importance of the kiln in Tell Nader, which is considered one of the most important archaeological remains found in abundance in archaeological sites in northern Mesopotamia, and the mentioned site is one of the important archaeological sites which is located in the the city of Erbil within the residential neighborhoods in the quarter of ( penji Hasarok). Through the search the most important and prominent kilns were highlighted in terms of their forms and technology from architectural point of view the ones fond in this hill have a somewhat inconspicuous and intricate layout, It is dated about the Ubaid period(4500-3400) B.C. there is no doubt that man discovered fire before the kiln was made and from the fire he inspired to make it and burning clay materials, which consist of variety of shapes (circular ,semi-oval, square, rectangular).


**Key words**: Tell Nader, Mesopotamia, kiln, pottery, excavation.